# مۆدی جینزەکان
# لە سەردەمی کۆرۆنادا

جینز لە هەموو سەردەمێکدا جوانی و سەرنجڕاکێشیی خۆیی هەبووە و هەمیشە ئەگەر لە لوتکەی کەرەستەکانی جوانکاریدا نەبووبێت، ریزبەندی دووەم و سێیەمی گرتووە، لە سەردەمی کۆرۆناشدا، جینزەکان هەر ماون، وەك پۆشاك و هەر کەرەستەیەکی دیکەی رۆژانە کە ئافرەتان دەیپۆشن و بەکاری دەهێنن، ئەگەرچی بەم دواییە ماسکی جینزیش دەرکەوت، بەڵام پۆشاکەکانی جینز هەر لە چاکێت و پانتۆڵ و کاوبۆی و قەمیس و هێلەگەکان، زۆربەیان لە شوێنە گشتییەکان و رۆژانی کەرەنتیەدا دەبینران». هاوکات پسپۆڕی جەستە و مۆدە (ئیهان عەفیفی) دەڵێ: «سەرەڕای نەبوونی جلوبەرگی مۆدە لەم سەردەمی کۆرۆنایەدا، کە زۆربەی بازاڕەکانی جیهان و کارگەکانی جلوبەرگ وەستاون، بەڵام نابێت خانمان بکەونە ژێر هەڵبژاردنی هەڵەی جینزەکانەوە، کە ئەو هەڵانەش بریتیین لە: پۆشینی جینزی دڕاو لە شوێن و بۆنەی فەرمیدا، چونکە ئەو جۆرە ستایلە تەنیا بۆ بازاڕکردن گونجاوە، هەروەها پێویستە رەنگەکانی جینز لە دوو رەنگ زیاتر نەبن، واتە لە دوو رەنگ پێك بهێنرێت و لەگەڵ رەنگی جلەکانی دیکەدا رێکبخرێن، بۆ ئەوانەی باڵایان کورتە نابێت جینزی کراوە و بەرین لەبەر بکەن، هەروەها ئەوانەی کە باڵایان بەرزە جینزی تەسك نەگونا‌وە بۆیان.









# بازاڕی جلوبەرگ و ئێکسسوار لە کوردستان




هەمیشە بازاڕی جلوبەرگ و ئێکسسوارەکان جمەیان دەهات، بەڵام ئێستا بەهۆی هاتنی پەتای کۆرۆناوە، بازاڕ ئەو داواکارییەی جارانی نەماوە و کزی و سستیی پێوە دیارە، (ئەوین بێستوون) خاوەنی جلوبەرگ و ئێکسسواری (ئیلینا) دەربارەی بازاڕی جلوبەرگ و ئێکسسوارەکان دەڵێت: «بەر لە هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا فرۆشتنی جلوبەرگ و ئێکسسوارەکان باش بوون، بەڵام دواتر لەبەر ئەو نەخۆشییە و ماوەی کەرنیتە، زۆربەی کەرەستەکان نەفرۆشران و مانەوە، ئێمە هەندێ کەرەستەمان هێنا کە بۆ وەرزێك گونجاو بوون، کەچی ماوەی کەرەنتینە وای کرد کە زۆربەی ئەو کەرەستانە بمێننەوە و نەفرۆشرێن، ئێمە زیاتر جلوبەرگەکانی زیو و کریستاڵ نمایش دەکەین، لە ئێستادا کە خەڵك زیاتر دەچنە دەرەوە جلی کوردی و تاخمەکانی ئێکسسوار و جلوبەرگ بازاری زیاترە، خانمایش بەم دواییە زیاتر تاخمە جلوبەرگ ەکان هەڵدەبژێرن، ئێمە وەك جلوبەرگ ی ئیلینا پابەندی ڕێنماییەکانی تەندرووستین، تەنانەت شێوەی کارکردنی کارمەندانمان بە ئاوێتە کردووە، تا کەمترین بەریکەوتنمان هەبێت لەگەڵ کڕیاران و ئەو کەسانەی دێن شوێنی کارەکەمان، هەروەها ئاگادارییشمان هەڵواسیوە کە ماسك و دەستکێش ببەستن، چونکە لە کاتی دەستکاری و تاقیکردنەوەی جلوبەرگ ەکان ڕەنگە بەرکەوتن دروست ببێت، بۆیە هیواخوازین کە قەدەغەی هاتوچۆ دووبارە نەبێتەوە،چونکە جگە لەوەی ژیانمان تێك دەدات، بازاڕی کارەکەشمان رادەگرێت، کۆرۆنا زەرەری گەورەی لە ئێمە داوە، بۆیە داواکارین کە خەڵك پابەند بن و خۆیان بپارێزن.»



# ڕێکخستنی ڕەنگی دەمامک لەگەڵ پشتێن و جلوبەرگدا

ئەو پسپۆڕانەی جوانکاری کە پێشتر ڕێنماییان دەکرد کە چ جۆرە جلوبەرگ و کەرەستەیەك بۆ جوانکاری گونجاوە، لە سەردەمی کۆرۆنادا هەموو حساباتێکیان لێ تێك چوو، بەو پێیەی دەمامك گەورەترین ڕێگرە لە شاردنەوەی روخسار و جوانیی ئافرەتان، بەجۆرێك کە پێشتر زۆربەی کەرەستەکان لەگەڵ ڕەنگی ماکیاژ و چاو و لێوەکاندا یەك دەخران، کەچی ئێستا دەبێت ڕەنگی دەمامك و کەرەستەکانی دیکە هاوشێوە بن، بەهۆی ئەوەی ئەستەمە کە بتوانیت هەموو کەرەستەکانت لەگەڵ ڕەنگی دەمامکدا یەك بخەیت، بۆیە هەوڵبدە هیچ نەبێت پشتێنەکەت ڕێکبخە، کە تێچوویەکی زۆری ناوێت تا لەگەڵ ڕەنگی دەمامکەکەت هاوشێوە و هاوڕەنگ بێت». لای خۆشیەوە مارکەی دیۆری فەڕەنسی لە دوابەرهەمیدا، کە ڕەنگی دەمامك و پشتێنەکانی هاوتا کردووە، مۆدێکی تازەی جوانکاریی بەدیهێناوە، هەروەها دەکرێت ئەو دەمامکە بەدەستبهێنیت کە لەگەڵ ڕەنگی کراسی درێژ (عەزی)دا ڕێکی بخەیت، چونکە نەگونجاندنی نێوان ڕەنگی دەمامك و بەشێکی دیکەی کەرەستەکانی جوانی و جلوبەرگ، جوانیی جەستەش دەشێوێنیت و سەرنجڕاکێشیی خۆی لە دەست دەدات.









# نمایشی جلوبەرگ بە بووکولە

بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، زۆربەی چالاکییە گشتییەکان لە جیهاندا وەستان و داخران، گرنگترینیان نمایشەکانی جلوبەرگ بوون، کە هەوادارو جەماوەرێکی زۆر هەیە، نمایشەکانی جلوبەرگ لە بنەڕەتدا لە شوێنی داخراودا ئەنجام دەدرێن، کە ئامادەبووان و لیژنە و دادوەران ئامادەی دەبن، نمایشکارانیش بە جلوبەرگە تازەکانیانەوە خۆیان نمایش دەکەن، کە لەلایەن پسپۆڕانی مارکە و براندەکانی جیهان ئامادە دەکرێن، بەڵام بەهۆی بوونی قەدەغەی هاتوچۆ و کەرەنیتە و وەستاندنی نمایشەکان، ئامادەکارێکی جلوبەرگی ئیتاڵی بە ناوی (جیریمی سکۆت) جۆرە نمایشێکی جلوبەرگی ئامادەکردووە، کە بیرۆکەیەکی گونجاوە بۆ ئەو رەوشەی ئێستا، نمایشەکەش بریتیی بوو لە ئامادەکردنی جلوبەرگەکان بە شێوەیەکی بچووك، هەورەها بوکەڵەی بچووکیشی هێناوە و جلەکانی لەبەر کردوون، ئەو بووکەڵانەش بە دار و پەت دەجووڵێندرێن، وەك ئەو جۆرە نمایشانەی کە جاران بۆ خۆشی و بۆ منداڵان ئەنجام دەدرا، ئەمەش بیرۆکەیەکی سەرکەوتوو بوو، ئەوەی سەیرە ئامادەبووان و دادەورانیش لە بووکەڵە دروست کرابوون، کە نمایشێکی جوان و خنجیلانەی بە بووکەڵە و جلە نوێیەکانیشی پێشکەشی ئامادەبووان و خەڵك کرد.



# کۆرۆنا زەویی ری

گۆڕانکاری لە کەشوهەوای ئەمساڵ، کاریگەریی زۆری خەستە سەر جیولۆجی و دیاردەی قەتیسبوونی گەرمای جیهان و پاککردنەوەی ژینگە و بەرزبوونەوەی رێژەی ئۆکسجین لە جیهاندا، هۆکاری ئەوەش کەرنیتینەی خەڵك بوو لە سەرانسەری جیهاندا بە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کۆرۆناوە، ئەمەش وایکرد کە گۆڕانکارییەکان بە رێژەیەکی بەرچاو ببیندرێن، دیاترینیان خۆرهەڵاتنی ئەمساڵ بوو لە دوورگەی گرینلاند کە زووتر لە وادەی خۆی خۆر هەڵات، ئەویش بەهۆی پێگەی جوگرافیی گرینلاندەوە کە پێچەوانەی بەرکەوتنە بەرەو رووی خۆر،

# شەوە سینەمای ئۆتۆمبێل لە کوردستان





جاران سینەمائوتۆمبێل لە وڵاتانی جیهاندا بۆ خۆشی ئەنجام دەدرا، ئەو جۆرە سینەمایە بریتیی بوو لە سکرینێکی گەورە، کە ئەوانەی ئامادەی دەبوون لە نێو ئوتۆمبێلەکانی خۆیانەوە سەیری فیلم و بابەتی سکرینەکەیان دەکرد، کە ئەو جۆرە سەیرکردنی فیلمە، بۆ خۆشی و کاتبەسەربردن بەڕێوە دەچوو، بەڵام کۆرۆنا وایکرد کە سینەمائوتۆمبێل بە ناچاری بکرێتە رێکار، تاوەکو هەوادارانی فیلم لە نێو ئوتۆمبێلەکانیانەوە بەبێ ئەوەی نزیکی یەکتر ببنەوە و بەرکەوتن دروست ببێت، سەیری فیلمێک بکەن. سینەمائوتۆمبێل لە هەولێر ئەنجام درا، کە بیرۆکەی کونسولگەریی کوریای باشوور و بە هاوکاریی زانکۆی نۆلیج لە گۆڕەپانی زانکۆ، سینەمای گەورە و ئوتۆمبێل بەڕێوە چوو، هاتن بۆ هەمووان و بە خۆرایی بوو، نزیکەی زیاتر لە (٧٠) ئوتۆمبێل ئامادەی نمایشی بابەتە دیکیۆمێنتارییەکەی سکرینە گەورە بوون، جگە لە بەرپرسان و ئەندامانی کونسولگەری و ئەندامانی سەرۆکایەتیی زانکۆی نۆلیج، رێژەیەکی بەرچاو لە هاووڵاتیان لە نێو ئوتۆمبێلەکانیانەوە لە ئێوارەیەکدا و بە پابەندبوون بە رێنماییەکانەوە، ئامادەی سەیرکردنی سینەمائوتۆمبێل بوون.





## ستارت کردەوە

بەم جۆرە لە باکووری دوورگەی گرینلاند هەتاوەکو دوای (١٤٣) رۆژی دیکە کە دەگاتە نزیکەی (٥) مانگ خۆر ئاوابوون نابینن، جگە لەوەش چاودێرانی کەشوهەوای جیهانی، ئاماژە بە بەرزبوونەوەی رێژەی ئۆکسجین لە هەوادا دەکەن، هەروەها دیاردەی قەتیسبوونی گەرما رووی لە کەمی کردووە، ئەمەش بەهۆی وەستاندنی ئەو هەموو کارگە و ئوتۆمبێل و تاقیکردنەوەی کیمیاوی و پاکبوونەوەی ژینگەی جیهانە، بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا، هوەربۆیەشە پسپۆڕان دەڵێن: «زەوی خۆی ریستارت کردەوە».



## کاریکاتێر


ئەو کاریکاتێرە، باس لە پەتای کۆرۆنا دەکات، لەگەڵ فریشتەی ڕۆحکێشان، کە ئەوانەی تووشی ئەو ڤایرۆسە دەبن و گیان لە دەست دەدەن، وەك ئەوەیە کۆرۆنا فریشتەی ڕۆح کێشانی لەگەڵ خۆیدا هێنابێت.

## فیلم



**مەسی هەڵە - The Wrong Missy**

فیلمێکی ڕۆمانسیی کۆمێدییە، باس لە پیاوێك دەکات کە کچە خۆشەویستیەکەی بۆ دوورگەیەك داوەت دەکات، لەو کاتەوە کارەسات دەستپێدەکات، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و نیوە، لە دەرهێنانی تایلەر سپینداڵ و بەرهەمهێنانی کۆمانیای هاپی مادیسۆن و لە نواندنی لاورین لاپکۆس و دەیکید سپادی و جاکی سەندلار و سارا شالکەیە، یەکێکە لە فیلمە پڕ بینەرەکان کە تا ئێستا تەنیا لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە بەهۆی نەکردنەوەی هۆڵەکانی سینەما لە جیهان نمایش کراوە.



## نــوکتــه

پیاوێك گوڵلە بەرسەری کەوتبوو مردبوو، مەو کاتەدا کەسێکیش دێت و مردووەکە دەبینێت، لە خۆیەوە دەڵێ: «جا چاك نەبوو بەرچاوی نەکەوتبوو، ئەگینا کوێر دەبوو».

# بیرکردنەوە و فەلسەفە

**نەریت چییە؟**

فەیلەسووف و بیرمەندی گەورە (جۆن ستیوارت مێل) لە کتێبی (لەبارەی ئازادییەوە) باس لە دەسەڵاتی ئەفسووناویی نەریت دەکات و دەڵێت: «نەریت چییە؟ جگە لە خوویەکی ساختە، کە خەڵك ئەوەندە هۆگری بوون وا دەزانن سرووشتی ڕاستەقینەی خۆیان وایە، ئەوەش نەریتی دەستکراوە تا نەهێڵێت خەڵك گازەندە لە بنەماکانی ڕەفتار بکەن، ئەوەیە کە دەگوترێت ئەم بنەمایانە لەو جۆرەنین بتوانن بە بەڵگە و دەستاوێژ بۆ خۆمان و غەیری خۆیان بسەلمێنن، چونکە هەست و سۆز دەتوانێت پاساویان بداتەوە، نەوەك عەقڵ»، هەر بۆیە نموونە دەهێنێتەوە و دەڵێ: «ئەگەر کەسێك ڕایەکی هەبێت و هیچ بەڵگەیەکی لۆژیکی و ماقووڵی بۆ ڕایەکەی بەدەستەوە نەبێت، ئەوا بێگومان ئەو ڕایە لە حەز و ئارەزووی خۆیەوە هاتووە، خۆ ئەگەر بەڵگەی بۆ هێنایەوە بەڵام بەڵگەکان لەسەر بناغەی هەست و سۆزی خەڵکی دیکە دامەزرابوون، ئیتر ئەمە نابێتە هۆی گۆڕانی ڕایەکەی، بەڵکو دەبێت بە حەز و ئارەزووی چەند کەسێك لە بری ئەوەی هی یەك کەس بێت».






**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

بڕوات بە خۆت هەبێ و ئەرکەکانت بە جوانی جێبەجێ بکە، ماوەیەکە بێزاریت پێوە دیارە، بەڵام لەگەڵ ئەو کێشەیەی ئێستادا ئەو بێزارییەش تەواو دەبێت، ئەگەر ئەو کارەی کەوا بیری لێ دەکەیتەوە وادەزانی ئاسانەو سەردەکەویت تێیدا، ئەوا بەهەڵەدا چوویت، واز لەم کارە بهێنە، ئەگینا شکست دەهێنیت.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ڕێگە مەدە کەسانێك ژیانت تێك بدەن و بەرگری لە خۆت بکە، کەسێکی زیرەك و خاوەن هەستێکی قوڵیت، بۆیە بە کەسێکی بە بەزەیی دادەنرێت، هەر چەندە ئێستا باری هەستت خراپە، بەڵام ئەوەش زۆر ناخایەنێت و دەرگایەکت لە بەردەمدا دەکرێتەوە، کە دەبێتە هۆی ئاسودەیی و ئارامیت.



**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

هەوڵەکانت بۆ بەدەستهێنانی چارەسەری کێشەکان شکستی هێنا، واباشترە دووبارە هەوڵی بۆ بدەیتەوە، کەسێکی زیرەکی لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەوروبەرتدا، ئەگەر ددان بەهەڵەکانتدا بنێی، ئەوا لە ڕێزو حورمەتت کەم نابێتەوە، بەڵکو خۆشی شادی دڵت داگیر دەکات.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

بیرکردنەوەت لەگەڵ کەسانی دیکە جیاوازە و هەستێکی بەرزت هەیە، مانەوەت لە کارەکەتدا جێگەی خۆشیی هەمووانە، ڕاستە لە کارەکەی ئێستاتدا ماندوویت، بەڵام ئەو پرۆژەیەی کە بەدەستتەوەیە شایستەی ئەم هەموو ماندووبوونەیە، بۆیە لە هەوڵکانت بەردەوامبە و دوودڵ مەبە.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

ئەرکێکی قورست لەسەر شانە و هەمیشە بیرکردنەوەی جیاوازت هەیە، خۆت بە ژیانی کەسانی دیکەوە خەریك مەکە، ئێستا بەکاتێکی زۆر ناسك و دژواردا تێپەڕ دەبیت، هەوڵی زیاتر بدە و وا باشترە کە گەشە بەپەیوەندییە سۆزدارییەکەت بدەیت و ژیرانە بیر بکەیتەوە، تا سەرکەوتن مسۆگەر بکەیت.




**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

ماوەیەکی زۆرە بێزاریت پێوە دیارە و لەگەڵ کەسانی دەوروبەر دووچاری کێشە بوویت، بۆیە پێویست ناکات نیگەران بیت و ئەوەندە خەم و خەفەت مەخۆو، بەڵکو هەوڵی چارەسەری کێشەکان بدە و لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت بە متمانەوە ڕەفتار بکە، تا ئەوانیش متمانەت پێ بکەن.



## پەند و وتە

ئان کلەیر بوت لوسی، نووسەری ئەمریکی و باڵوێز، لە ساڵی (١٩٠٣) لە نیویۆرك لە دایكبووە و لە ساڵی (١٩٨٧) کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی هەڵەی پیاو و ئافرەت دەڵێت: «ئەگەر پیاوێك هەڵە بكات، دەڵێن ئەو پیاوە خراپە، بەڵام ئەگەر ئافرەتێك هەڵە بكات، دەڵێن هەموو ئافرەتان خراپن».




## یاری وێنە

ئەم وێنەیە چەندین وێنە لەخۆ دەگرێت، تەنانەت مرۆڤیشی تێدایە، هەوڵبدە بزانە چەند گیاندار دیاری دەکەیت، کە هەر یەکە بەپێی فێڵکاریی چاو، شوێنی کراوەتەوە.

# بۆ زانیاریت

**پەرەسەندنی شادەماری تازە**

لە نوێترین توێژینەوەی زانکۆکانی فلاندرز و ئادیلاید لە ئوستورالیا کە لە گۆڤاری زانستیی Anatomy بڵاوکراوەتەوە، دەرکەوتوە کە شادەماری ناوەندی -medi an artery لە باسکی مرۆڤدا و لە چاو سەدەی رابردوو، لە مرۆڤی پێگەشتوودا بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، کە دەبێتە هۆی باشتربوون و یاریدەدەرێکی باشە بۆ سووڕی خوێن لە قۆڵ و باسك و بەهێزتربوونی پەنجەکان لە مرۆڤدا، ئەمەش نیشاندەری ئەو ڕاستیەیە کە پەرەسەندن لە مرۆڤیشدا بەردەوامە و خێراتر بووە، ئەم شادەمارە لە هەموو مرۆڤێکدا لە سەرەتای گەشەی نێو سکی دایکدا دروست دەبێت و دواتر لە دەوری هەفتەی هەشتەم نامێنێت و تەنیا ڕێژەیکی کەمی خەڵك ئەم شادەمارە بۆ هەمیشە لە قۆڵیاندا دەمایەوە، کە لە کۆتایی سەدەی ١٩ تەنها ١٠٪ی خەڵك هەیبوو و لە کۆتای سەدەی ٢٠ بەرزبۆتەوە بۆ زیاتر لە ٣٠٪ و لە کۆتای ئەم سەدەیەش دەبێت بە بەشێکی سترەکچەری ئاسایی مرۆڤ و زیاتر لە نیوەی هەموو جیهان دەیانبێت، توێژینەوەکە لەسەر لاشەی ٧٨ کەس کراوە کە تەمەنیان لە نێوان ٥٠ بۆ ١٠٠ ساڵدا بووە، لەو ڕێژەیەش ٢٨ کەسیان ئەم تایبەتمەندیەی تێدا بووە، کە دەکاتە ٣٣٪ی مرۆڤ.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

ئەو ماوەیە خەمێکی زۆرت هەیە و پێویستە کێشەکانت چارەسەر بکەیت و نەهێڵیت کەسانی دەوروبەرت بەسەرتدا زاڵ بن، ڕۆژێك هەر دێت کە ئەو کەسەی کە هەڵوێستی بەرامبەرت خراپە، پەشیمان دەبێتەوە، تەنیا کەمێك دان بەخۆتدا بگرەو ئارام و لەسەرخۆبە، هەموو شتێك ڕوون دەبێتەوە.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

ڕێگەی چارەسەری کێشەکان ئاسانە و تەنیا کاریان بۆ بکە، کەسێکی ژیر و خاوەن بڕوای خۆتی، وا پێویست دەکات ئەو کێشەیەی ئێستات بە بێدەنگی چارەسەر بکەیت، چونکە ناحەزت زۆرەو هەوڵ دەدەن کیشەکەت ئاڵۆزتر بکەن، هەرگیز نهێنییەکانت بەکەس مەڵێ، تا لەدژت بەکاری نەهێننەوە.

**شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

کەسانی دەوروبەرت بە هەڵە بیرت لێ دەکەنەوە و وادەزانن تۆ کەسێکی لە خۆباییت، کەچی تۆ لە ڕاستیدا سادە و بەڵام کەم لەگەڵ خەڵك تێکەڵ دەبیت، وانەزانی کەس لەم هەڵوێستەی دوایت تێناگات، تێدەگەن، بەڵام لەبەر چەند هۆیەکی تایبەتی خەڵك هەن کە چاو پۆشیی لێ کردوویت.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

بیرکردنەوەت گەشبینیانەیە، بەڵام کێشە و گرفتەکان تووشی نیگەرانیت دەکەن، کە وات لێ دەکات خەم بخۆیت و بێزاریت پێوە دیار بێت، کەسانێك هەنە کە بەلایانەوە ئاساییە خەڵکی دیکە بشکێننەوە، بۆیە خۆت لەو جۆرە کەسانە بەدوور بگرە، چونکە دەبێتە هۆی بێزێزیکردن بەمبەر تۆش.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

کێشەکانی پێشووت لە بیر بکە و مەهێڵە کەسانی دەوروبەرت بە نهێنییەکانی ژیانت بزانن، ماوەی داهاتووت بەرەو خۆشی و شادی ڕێگە دەگرێت، پێویستە دڵی خۆشەویستانت نەشکێنی، چونکە کەسێك هەیە کە زۆر هەڵوێستی چاکی هەبووە بەرامبەرت، تۆش بەچاکی قەدری بزانە.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

خەریکی چارەسەری کێشەی کەسێکی دیکەیت، کەچی ژیانی خۆت فەرامۆش کردووە، پێویستە بڕوات بەخۆت هەبێت، دڵی خۆت مەکەرەوە بۆ کەسانێك کە لە دواییدا لای خەڵکانی دیکەی گاڵتەت پێ بکەن، باری سۆزداریت کەمێك ساردیی تێ دەکەوێت، پێویستە ژیرانە هەڵسوکەوت بکەیت.